دەقی وتاری سەرۆکی پەرلەمان لەدیداری لیژنەی پەیوەندییەکان و ڕەوەندی کوردستانی لەمەڕ ئالنگارییەکان و پێشهاتەکانی بەردەم هەرێمی کوردستان

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

میوانانی قەدرگران...

ئامادەبووانی ئازیز...

دیارە هەمووان ئەو ڕاستییە ئەزانین کە قەوارەی سیاسیی هەرێمی کوردستان، کە قەوارەیەکی مێژوو کردەو دوای پەسەندکردنی دەستووری عێراقی فیدراڵ لەساڵی 2005، دانپێدانانی دەستووری لەچوارچێوەی دەوڵەتێکی فیدراڵیدا وەرگرت، بەرهەمی خەبات و خوێن و فرمێسکی دەیان ساڵەی گەلی کوردستانەو ئێستا لەگەڵ چەندین ئاستەنگ و تەحەدی لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عێراقی و ئیقلیمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش ڕووبەڕووە، بۆیە لەهاونیشتیمانییەکی ئاساییەوە تا دامەزراوە دەستوورییەکانی هەرێم، حیزبە سیاسییەکان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی و میدیای بەرپرس، هەریەکەیان بەپێی قەبارەو کاریگەری و پێگەو دەسەلات و دەستڕۆییان، پشکیان لەڕووبەڕووبوونەوەی تەحەدییەکان و چارەسەری ئاستەنگەکان دەکەوێتە ئەستۆ.

بەڕێزان...

لەڕوانگەی ئێمەوە، ئەگەر هەڵسەنگاندن بۆ قەبارەو کاریگەریی نەرێنیی تەحەدییەکان بکەین، ئەگەینە ئەو ئەنجامەی کەتەحەدییاتی ناوخۆیی زیاتر لەهەموو ئەوانی تر کاریگەریی لەسەر بنکۆڵکردن و لاوازکردنی قەوارەکە دەبێت، بۆیە ئەبێت ئەولەویەت لەڕووبەڕووبوونەوە لای هەمووومان چارەسەرکردنی کێشەکانمان بێت لەسەر ئاستی هەرێم بۆئەوەی پێکەوە بەمتمانە بەیەکترو بەدامەزراوەکانمان، بەیەکڕیزی لەگەڵ تەحەدییاتی ئاستی عێراقی و ئیقلیمی ڕووبەڕوو بین.

بۆیە سەرەڕای جیاوازییەکانمان لەڕووی فکری و ئایدۆلۆژییەوە، دەبێت تەواوی هێزە سیاسییەکان ناکۆکییەکانیان بەلاوە بنێن و هەمووان یەکڕیزبین لەگەشەپێدانی کەلتووری دیموکراسی لەسەر ئاستی دامەزراوەیی و جەماوەری، لەفەراهەمکردنی ئازادییەکان و ڕەخساندنی زەمینەی لەبارتر بۆ مومارەسەکردنی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی بیروباوەڕی ئاینی و سیاسی و ئەوانی تر، ئەبێت یەکڕیزبین سەبارەت بەپیادەکردنی پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، لە بەهێزکردنی دەسەڵاتی دادوەری و دامەزراوەی داواکاری گشتی و پاراستنی سەربەخۆییان لەبڕیاردان، لەڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چاکسازی لەخەرجی و داهات و کەمکردنەوەی بێکاری، بەبڕینی دەستی حیزب و گرووپەکانی بەرژەوەندی لەنێو ئابووری و بازاڕی هەرێمەکەمان، خۆ ئەگەر ئەمانە ئەولەویەت و نەخشەڕێگامان نەبن هاونیشتیمانییانی کوردستان وەك پێویست متمانەیان بەدەسەڵاتی سیاسیی هەرێم نامێنێت و بگرە لەئێستادا تاڕادەیەکی زۆر خەمی مەترسی لەسەر قەوارەکە لەئاستە جیاوازەکاندا وەك خەمێکی گشتی نەماوە، بۆیە گلەیی و نیگەرانییەکان سەرەڕای خۆڕاگریی خەڵکی کوردستان، دەبێت جێگەی بایەخمان بێت و هەوڵ بۆ ڕەواندنەوەی بدەین.

بەتایبەت کە ڕوون و ڕەوان مەترسییەکان لەسەر ئاستی عێراق و ناوچەیی هەستپێکراون، لەسەر ئاستی عێراق ئامادەگی و قورسایی هەرێمی کوردستان هەرگیز بەساڵانی دوای ڕووخاندنی ڕژێمی پێشوو بەراورد ناکرێن و بەهۆکاری دەستتێوەردانی ئیقلیمی و ناکۆکیی ناوخۆیی و تایفی و حیزبی بەردەوام کار لەسەر لاوازکردنی پێگەی هەرێم و دەسەڵاتی دامەزراوە دەستوورییەکانی دەکرێت و دەستووری ساڵی 2005 وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت.

هاوکات سەرباری بەردەوامیی مەترسییەکانی داعش لەسەر ناوچەکوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، ناکرێت دۆخی ناوچە سنوورییەکان و هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی گوندنشینانی ئەو ناوچانە لەژماردنی تەحەدییاتەکاندا نادیدە بگرین و دیارە لەئێستادا بەداخەوە بوونەتە مەیدانی شەڕێکی بەوەکالەت کەجگە لەزیان بەئارامی و ژیان و موڵك و ماڵ و ئاقاری هاووڵاتییانی گوندنشین هیچ دەسکەوتێکی بۆ هەرێمی کوردستان تێدا نییەو ڕۆژانە پێشمەرگەو هاووڵاتییانمان بەناحەق شەهید دەبن.

لەو سۆنگەیەوە ئێمە لە پەرلەمانی کوردستان پێمان وایە بژاردەی دیالۆگی بونیادنەرانەو دوورکەوتنەوەی هێزە دژبەرەکان لەوڵاتانی ئیقلیمی و ئۆپۆزسیۆنەکانیان لەبژاردەی شەڕو پەلاماری چەکداری و بەئامانجگرتنی یەکتری و لەشکرکێشی بۆ سەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان، تەنها ڕێگەیە کەدواجار دەبێت هەمووان ملکەچی حوکم و لۆژیکی بین، چونکە ئارامی و پاراستنی سەروەریی هەرێمی کوردستان و عێراق زامنی ئارامی و ئاسایشی تەواوی ناوچەکەیە، بەرمەبنای ئەو باوەڕەمان بە ئامانجی ڕاگرتنی لەشکرکێشی و دوورخستنەوەی بژاردەی شەر، یاداشتمان ئاراستەی نوێنەرایەتی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە هەرێمی کوردستان و هەرسێ سەرۆکایەتیەکەی دەوڵەتی عێراقی فیدراڵی کردووە بۆ ئەوەی هەرلایەك بەپێی ئەرك و دەسەڵاتی خۆی ڕۆڵ لە کوژاندنەوەی ئەو ئاگرەدا بگێڕێت کە ڕۆح و ژینگەو ژیان و سەرو ماڵی هاونیشتیمانیانمان دەکاتە سوتماك، بە تایبەتی کە عێراق دەوڵەتێکی ئەندام و

دامەزرێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانەو پاراستنی ئارامی و ئاسایشی نێودەوڵەتیش لەئامانج و ئەرکە سەرەکییەکانی ڕێکخراوەکەیەو هاوکات پاراستنی شکۆو سەروەری دەوڵەت و پاراستنی سنوورەکان بەمیکانیزمی نێودەوڵەتی ڕەواو ڕێپێدراوو ئەرکی دەوڵەتی عێراقە.

لەکۆتاییدا، پێشبینیمان ئەوەیە بەشداربووانی ئازیزی ئەم دیدارە، لەپانێڵەکانیاندا وردترو قووڵتر ئەم تەحەدییاتانە شەن و کەو بکەن و بەبەشداریی ئامادەبووان دیدارەکە دەوڵەمەند بکەن.

هەزاران درووودو سڵاو بۆ ڕۆحی پاکی شەهیدانی کوردستان.

پارێزراوو شکۆمەندو گەشەکردوو بێت هەرێمی کوردستان.